کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-7-2007 21:01

## ياساييەكان وئەركێكی مۆڕاڵی ... شوان ڕەشيد

shwanrashed@gmail. com

ئەگەرسەردەمی بەعس سەردەمی بێبايەخكردن وخەساندنی ياسا ودامەزراوە ياساييەكان بووبێت، ئەوا سەردەمی دوای ڕاپەڕين سەردەمی سەروەركردن وژيان بەبەرداكردنەوەی ياسا ودامەزراوەكانی نەبووە. بەپێچەوانەوە سەردەمی دوای ڕاپەڕين بەهۆكاری ئەو ڕەوشە نالەبارەی هاوپێچی دەسكەوتەكان ببوو، سەرجەم بونياد وپێكهاتە ياساييەكانی خستە بێڕێزييێكی گەورەوە. بەتايبەتيش لەماوەی شەڕی ناوخۆی پارتی ويەكێتيدا كە ياسا ودامەزراوە ياساييەكان بێئەندازە لاواز وبێبايەخ وبێئەرك كران. بەجۆرێك كە لەماوەی دوو حكومەتی ودووانەيی هەموو وەزارەت ودامەزراوە پەيوەندارەكانی ياساش نەتوانرا ياسا ببێتەوە تاكە مەرجەع ومالّی پاراستنی ماف ودادپەروەريەكان. ئێستاشی لەگەڵ بێت، دوای يەكگرتنەوەی هەردوو حكومەتی پارتی ويەكێتيش نەتوانراوە شكۆی ياسا بگەڕێنرێتەوە ئاستی پێويستی خۆی وسنوری بنبڕ بۆ ياسا شكێنی دابنرێت. تائەمڕۆش دادگاكان وەك پێويست سەربەخۆ نين وياساكان دەروازەی چارەسەركردنی كێشەكانی ڕۆژ نين. بەپێچەوانەوە ڕۆژانە پێشێلكاريەكانی ياسا بەبەر چاوی هەمووماناەوە دووبارە دەكرێنەوە ولە لێپێچينەوەشدا هەرگيز هەمووومان لەبەردەم ياسادا يەكسان نيين. بەشێك لەو دەزگا وكەسايەتييە مەعنەويانەش كە ئەركی پاراستنی ياسايان پێ سپێردراوە، نەك هەر ناتوانن ڕوبەڕووی ياسا شكێنەكان ببنەوە بەڵكو زۆر كات خۆيانيش دەبنە بەشێك لە ياسا شكێنەكان وئەوانەی پێشێلی ياساكان دەكەن بەشێوەيەك هيچ پەيوەندييێك لەنێوان خۆيان ودەقە ياساييەكان وئەو دامەزراوانەش نادۆزنەوە كە پاراستنيان كراوەتە ئەركی سەر شانيان. تاكە پەيوەندييێك كەلەنێوانياندا بدۆزرێتەوە تەنها موچەكەيانە كە لەو دەزگا وفەرمانگانە هەموو مانگێك وەريدەگرن.



ئەمەش چەندە پەيوەندی هەيە بە باكگراوەندی ياساييانەی ياسا پارێزەكانەوە، هێندەش پەيوەندی بە بارودۆخی ياسا ودامەزراوەكانيەوە بەشێوەيەكی گشتی هەيە. چونكە ئەوان لەڕێگای دامەزراندنەوە دەكرێن بەپارێزەری ياسا نەك لەسەر بنەمای بڕوا وئينتيمايان بۆ ياسا ودامەزراوە ياساييەكان، سەرەڕای ئەم هەموو لێشاوەی پێشێلكردنی ياسا وبێڕێزكردنەی دامەزراوەكانيش بەتايبەتی لە لايەن بەرپرسەكانەوە كە دواتر ئەم ئينتيما وبڕوايەی لاوازتر وكاڵتر كردۆتەوە. كە ئەمەش مەترسييێكی گەورەيە بۆ سەر تەواوی كۆمەڵگا. چونكە دواتر ئەوەی هاوسەنگی ودادپەروەری لەنێوان يەكە يەكەی تاك وگروپ ودامەزراوەكانی كۆمەڵگا دێنێتەدی ياسا ودامەزراوەكانی تايبەت بەياسايە. بەو پێيەش هێزی ناوەخۆی كۆمەڵگای هاوچەرخ لەهێزی ياسا وشكۆی دامەزراوە ياساييەكانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەمانايێكی تر، هێزی ناوەخۆی هەر حكومەتێك بەژمارەی وەزير وپاسەوانەكانيان وژمارەی چەكدارەكانی بەردەرگايان وجۆری چەك وبەهای ئۆتۆمبێلەكانيانەوە مەزندە ناكرێت. بەڵكو ئەو هێزە بەهێزی بڕيارە دادپەروەرەكانی دادگا وشكۆی ياسا ودامەزراوە ياساييەكانەوە خۆی دەسەلمێنێ. ئەگەر حكومەتيش دەخوازێت دەسەلاتێكی بەهێزی ناوخۆی هەبێت، ئەوا بەر لەهەر شتێك پێويستە دووبارە دادگا ودەزگا ودەقەياساييەكان بنياد بنێتەوە وزياد لەهەر شتێكيش سەربەخۆيی وئازادی بڕيارەكانی

ئەو نووسينانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بيروبۆچوونی خاوەنەكانيانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسيار نييە.

دادگا مسۆگەر بکات. سەروەربوونی یاسا ودەسەڵاتی قەزاییش یەکێکە لە پێداویستییە هەرە بنەڕەتی وروحییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وحکومەتی یاسا. بەبێ ئەو روحیەتە زیندووەش هەر چەشنە بانگەشەیەك بەناوی دادپەروەری وکۆمەڵگای مەدەنی وحکومەتی جەماوەری، قسەیەکی بێ بنەما وبەتاڵە. وەکچۆن هەر شێوە بانگەشەییێکیش بۆ پاراستنی ئاسایش وسەر وماڵی هاوڵاتیان بەبێ بوونی ئەو روحە ئازادە، سەرلێشێواوییێکی بێسنور وخۆگێلکردنێکی ئاشکرایە. چونکە هەر بەتەنها دادگاکان تاقانەترین شوێنی یەکلاییکەرەوەی کێشە وگرفتەکانن ومەرجەعی پاراستنی دادپەروەریەکانیشن. کە ئەمەش پێویستی بە سەروەری یاسا وپاراستنی سەربەخۆیی دادگاکان وبڕیاری دادپەروەرەکانەوە هەیە. لەبەرامبەر هەموو ئەمانەشدا، سەرچاوەی بەشێکی هەرەزۆری کێشەکانی ئەمڕۆی خەڵك وحکومەت لاوازی دادگاکان ونەبوونی یاسای هاوچەرخە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیێنێ کەسایەتیە یاسابیەکان وهەموو ئەوانەی ئەمڕۆ سەروکاریان لەگەڵ یاسا ودامەزراوە یاساییەکاندا هەیە بێبەشن لەو بێهێزی وبێڕێزیەی بەرامبەر یاسا ودامەزراوەکانی دەکرێت. چونکە دواتر هەر شێوە بێڕێزییێك بەرامبەر بەیاسا ودامەزراوەکانی بکرێت، بێڕێزکردنی هەموو ئەوانەشە کە ئەرکیان داڕشتن وسەپاندنی یاسا وپاراستنی دامەزراوە یاساییەکانە. کاتێك ئۆتۆمبێلی هاوڵاتییێك یان بەرپرسێکی حزبی وحکومی سەرپێچی یاساکانی هاتوچۆ دەکات، بەرلەوەی پێشێڵی دەقێکی یاسایی بکات، پێشێڵی حورمەت وکەسایەتی ئەو پۆلیسە دەکات کە لەسەر شەقام لەپێناو پاراستن وسەپاندنی یاسا دەوەستێت. بەرلەوەی بێڕێزی بەرامبەر دەقێکی یاسایی بکات بێڕێزی بەرامبەر بەکەسایەتی ئەو یاسایانەی دەکات کە ئەرکیان داڕشتنی یاسا پێشێڵکراوەکەیە. ئەو هێزەی بڕیاری پاراستنی تاوانبارێك دەدات کە لەلایەن دادگاوە داواکراوە، بەر لەوەی یاسای ئەو دادگایە پێشێل بکات پێشێلی حورمەتی دادگا ودادوەرەکانی دەکات. پێش ئەوەی رێز لە یاسایێك نەگرێت کە مافی گرتنی تاوانبارێك بە دادوەر دەدات، رێز لە خودی دادوەرەکە وداڕێژەری یاساکە ناگرێت. بەکورتی هەر شکۆ شکاندنێکی یاسا ودادگاکان بەڵگەی شکاندنی شکۆ وکەسایەتی سەرجەم یاساییەکانە لە بەرزترین پلەوپایە تا پارێزەرێك وپۆلیسێکی پرسگاکان.

بۆیە ئەم رەوشە مەترسیدارە یاساییەی کوردستان کە خۆی لە نزمی بەها یاساییەکان وسستی دادگاکاندا دەبینێتەوە بەر لەهەر کەسێك رەوشێکی بێڕێزە بۆ دادوەر وپارێزەر ویاساییەکان وهێزەکانی پاراستن وچەسپاندنی یاسا وسەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان.

ئەمەش رێگامان پێدەدات بڵێین پێویستە ئەوان لەسەر ئەم بێڕێزی ودەستێوەردانەی کاروباری دادگاکان ونزمی بەهای یاساکان بێنەدەنگ وهەرشێوە لەکەدارکردنێکی یاسا وپێکهاتەکانی بەلەکەدارکردنی کەسایەتی وتایبەتمەندییەکانی خۆیان تێبگەن. پێویستە ئەوان ئەو دەنگە هەڵبڕاوەبن کە داوای دووبارە گێڕانەوەی شکۆی یاسا ودادگاکان دەکات بەمەبەستی گێڕانەوەی شکۆی لەدەستچوی خۆیان. چونکە کەسایەتیە یاساییەکان ودادیەکان بەرلەوەی موچەخۆری فەرمانگەکانیان بن، دەبێت کەسانێك بن لەناخەوە یاساپەروەر وویژدان دادوەربن. کەسانێك بن لەسەر بچوکترین پێشێلکاری یاسایی بێنەدەنگ وکەمترین سوکایەتیش بەیاسا بەهیچ بیانوێکەوە ولەهیچ کەس ولایەنێکی قبول نەکەن. بەمکارەیان دەتوانن شکۆ بۆ دادگاکان بگەڕێننەوە ودواتر شکۆ بۆ خۆیان دەگەڕێننەوە وئەو رۆڵەش دەگرنەوە دەست کەدەبێت لەدەستی ئەواندابێت نەك کەس ولایەنیتر.

پێویستە ئەوان لەرێگای گردبوونەوە و پێکهێنانی گروپ وهاوبەندی ودەربڕینی هاوسۆزی بۆ دادگا ویاساکان ونارەزایی لەسەر بێڕێزکردنیانەوە بڕوا بەخۆیان وهەموو لایێك بهێنن کە دادگا لە چەکدارێك وحزبێك وبەرپرسێکی حکومەت پیرۆزتر وبەهێزترە. ئەوان ئەگەر بیانەوێت دەتوانن ئەمە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکەن وهەڵسانیان بەم ئەرکەش بەجێگەیاندنی ئەرکێکی مێژویی ومۆڕاڵی سەر شانیانە. بەپیچەوانەشەوە بەرپرسیارێتی بەشێکی گەورەی ئەم بێڕێزی وشکۆ شکاندنەی یاسا ودادگاکان دەگرنە ئەستۆ. چونکە بێدەنگبوون لەبەرامبەر پێشێڵکردنی یاسا وهەر نادادپەروەرییێك بەشداریکرنە لەو پێشێلکاری ونادادپەروەریانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.